# ( سایتر ) و بەردو نەی



حەمە کاکەڕەش

سوید

نەی دڕاوێکانی بەرد باوەشێن دەکا
نەی ڕژاویەکانی بەرد ئەنوسێتەوە
نەی بەرەکانی بەرد نەرم دەکات
نەی جوانیەکانی بەرد
نەی سوتاویەکانی بەرد ئەخوێنێتەوە
سایتر نەی لێدە نەی
نەی لە ژێر ئاودا چاو دەکاتەوە
نەی لە ناو بەرد دا ئەبینێ
نەی لە ناو ئاگرا ئەنوێ
نەی لە ژێر بەفرا ئەنوسێ
سایتر باسی خۆشاردنەوەی بەردم بۆ بکە لە پێکەنین
باسی کوێر بوونی بەردم بۆ بکە لە فڕین
باسی منالّی بەردم بۆ بکە
تا کوێی لە ئاوەکاندا تەڕ دەبوو
تا چەند ئاوەکانی دەلەرزاند
سایتر بەرد چ شەوێک دەرگای لە نەی کردەوە
چۆن فێری زمانی بەرد بوو؟
نەی چۆن زمانی بەردی دەزانی؟
خالّی نییە لە حیکمەت سایتر
گەلآ بەردینەکان ناوەڕێن
وێنە بەردینەکان ڕابردوو دەگەڕێننەوە
ئەفسانەکان شارێکیان لێ وون بووە
هەناسە مەدە بۆنی بەرد دێ
سەیری ئاسمان مەکە فڕینی بەردینت پێیە
سایتر
پشیلە بەردینەکانی ئەوێ

تەرمی وەفایان بەکۆڵەوەیە
سەگە بەردینەکانی ئەویَ
بە مانگ ناوەڕن
ئێسقان لە ژێر گوڵەکاندا ناشارنەوە
مناڵەکانی ئەویَ
سوێند دەخۆن یاری بە سێو نەکەن
پیرێژنە بەردینەکانی ئەویَ
بەردێک بە هەرچی ڕۆن و ئاڵتونی دنیا هەیە ناگۆڕنەوە
سایتر نەی لێدە نەی
بەرد بە نەی نەرم ئەبیَ
بەرد بە نەی بیر ئەکاتەوە
بەرد بە نەی تەڕ ئەبیَ
بەرد بە نەی هەڵچوونی دائەچیَ
سایتر ئەو هەموو باڵندە بەردینە
ئاسمانی دڵی تۆ بە دەنوک کون ئەکەن گەر بە نەی خەیاڵیان بۆ نەکەی
خاڵی نییە لە حیکمەت
بەرد مەمکی پڕ سۆزو پڕ عیشق و خەیاڵی نە مژیووە
لە ماڵی درەختی مردوودا
لای لایەی ناسک و پڕبوون و
پڕتیشک و پڕجوانی بە خۆیا نەداوە
بەرد بە چڵی درەختێکەوە جۆلانە ناکا
لە ئاوێنە ورد نابێتەوە
فیکە بۆ ماسییەکان لیَ نادا
بیرەوەری نانوسێتەوە
لە پایزدا بە گەڵاکان ناڵێ ئاگاداربن
مردن شێتانە درەختەکان ڕادەوەشێنیَ
ئای سایتر
تۆ بڵێی لە بەردا باڵندەو ئاسمان و بیابان و بەفرو گوڵ هەبیَ؟
تۆ بڵێی لە بەردا (با) هەبیَ ؟
تۆ بڵێی لە بەردا ئاو هەبیَ؟
لە بەردا مزگەوت و قورعان و خوا هەبیَ؟
سایتر نەی لێدە نەی
با نەی دەفتەری جریوەی چۆلەکەکان
لە بن گوێسەوانەی خانوەکانا دەربێنی و

بۆ بەردی بخوێنێتەوە
ئەو کاتە بەرد باوەش ئەکات بە ئاو دا
ئاو بە کۆڵانەکانی دڵیا پیاسە دەکات و...
تۆیش نەرم و کپ دەبیتەوە .
2002

تێبینی * سایتر خوایەکی یۆنانییە بەدڵ ڕەق بە ناو بانگ بووە هەمیشە خەریکی نەی لێدان بووە .